# مێژووی کوردناسی

جۆیس بلۆ
لە ئینگلیزییەوە: د. فرسەت ڕۆژبەیانی

کۆنترین توێژینەوە لەبارەی زمان و ژیاری کوردەوە کە کرابێت بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەی زایینی دەگەڕێتەوە، ئەمە بە ئەمەگی میسیۆنارەکان (یەکەم جار کاتۆلیکە ئیتاڵییەکان دواییش لەلایەن پرۆتستانتە ئەنگلۆساکسۆنەکاوە) بوو، پێشەنگی توێژەرانی ئەوروپی ماوریتسیۆ گارزۆنی (١٧٣٤ -١٨٠٤) بووە، کە ئەندامی گرووپێکی کڵێسایی فرانسیسکان بوو، ساڵی ١٧٦٢ گەیشتە شاری مووسڵ، دوای دوو ساڵ لە ئامێدی (پایتەختی میری بادینان) نیشتەجێ بوو، کە دەکەوێتە باکووری مووسڵ، لەوێ کەرستەی کۆکردەوە بۆ کتێبەکەی کە بەناوونیشانی (گراماتیک و وشەنامەی زمانی کوردی) (١) کە لە ڕۆما، لە ساڵی ١٧٨٧ چاپ کرا، یەکەم کتێبە لەسەر ئەم بابەتە نووسرابێت، ئەم کتێبە وەک بەڵگە و سەرچاوەی زانیارییەکی دەگمەن لەبارەی زمانی کوردییەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدە دەمێنێتەوە.

دوای ئەو، هاوکارەکەی جۆسێپێ کامپانێلا (١٧٦٢-١٨٣٥) بوو کە لە ساڵی ١٨٠٢ لەلایەن میسیۆنێری ڕۆماوە نێردرا بۆ مووسڵ، دوای شەش ساڵ کرا بە بەرپرسی یەکەمی نێردراوی ڕۆما بۆ کوردستان و میزۆپۆتامیا، لەو کاتەدا کتێبەکەی بەناوونیشانی (مێژووی ناوچەی کوردستان)ی نووسی، ئەم کتێبە یەکەم کتێبە

که به گشتی باس له ناوچەی کوردستان دەکات، باس له دابونەریت و ڕووداوەکان و ئەو کەسانە دەکات که دیونی.

ساڵی ١٨٣٦میسۆنار گۆتلیب کریستیان هۆرنله (١٨٠٤ -١٨٨٢) که خەڵکی بازلی سویسرا بوو(٢)، لەگەڵ میسۆنار ف. شنایدەر هەردووکیان پێکەوە یەکەم کتێبیان (٣) لەبارەی ئیتنۆگرافی و زمانەوانی لەسەر کوردانی ناوچەی ورمێ بڵاوکردەوە. بە گوێرەی قسەی تۆماس بوا (لەپێوەندییەکی شەخسیدا پێی گوتووم) که هۆرنله یەکەم کەسە که (ئینجیلی یۆحەنا) ی وەرگێڕابێتە سەر شێوەزاری موکری (٤).

له نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا میسۆنارە ئیڤانگلییەکان (پرۆتستانت) ئامادەییان زیادی کرد له کوردستاندا، ساڵی ١٨٧٢ چاپکردنی کتێبی (کورتەی ڕێزمان و وشەنامە له زمانی کوردی) بەخۆوە بینی له نووسینی سامۆئێل.

ا- ڕهیا (له ١٨٥٦مردووە) که میسۆنارێکی ئەمریکی بوو، چواردە ساڵی لەنێو کوردانی هەکاریدا بەسەر بردووە.

له (سابڵاخ) که ئەمڕۆ مەهابادی پێ دەڵێن، میسیۆنارێکی تری ئەمریکی (لودڤیک ئۆلسن فۆسووم) (١٨٧٩-١٩٢٠) ئینجیلی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، هەروەها عەقایدی لۆتەری کرد بەکوردی و فەرهەنگێکی بەناوی (ڕێزمانی پراکتیکی زمانی کوردی) نووسی که له مینیاپۆلیس له ئەمریکا ساڵی ١٩١٩ چاپ کرا، تا ئێستاس ئەم فەرهەنگە له ڕووی ڕێزمانییەوە بۆ شێوەزاری موکری زۆر بەبایەخە.

تا سەدەی بیست قوتابخانەی ڕووسی له بواری پێشخستنی توێژینەوە لەسەر کورد سەردەستە بوو، خاچاتوور ئەبۆڤیان (١٨٠٩ -١٨٤٨) بەدامەزرێنەری بواری کوردناسی له



جۆیس بلۆ

ڕووسیا دادەنرێت، ئەو کەسێکی ئەرمەنی- ئەمریکی بوو، کاریگەرییەکی گەورەی له بواری لێکۆڵینەوەی ڕووسی له بواری ئێرانناسیدا هەبوو، له کاتێکدا که ڕووسیای سەردەمی تساری (قەیسەری) کەڵکی له بێهێزی دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری دەدەیت بۆ پەلهاوێشتن و فراوانکردنی سنووری خۆی له قەففاسیا، له کاتی جەنگی ڕووسی- عوسمانیدا بەرەنگاری کوردان بوونەوە که پارێزەری نەریتی سنوورەکان بوون، کورد ئەوەندە سەرنجی ڕووسەکانیان ڕاکێشا که دوای جەنگی قرم (١٨٥٣-١٨٥٦) ئەکادیمیای زانستی ڕووسی له سان پێتەربۆرگ بوو بە ناوەندێکی جیهانی کوردناسی.

پیوتر لێرخ (پیتەر لێرخ، ١٨٢٧ -١٨٧٤) سەرچاوەی لێکۆڵینەوەکانی لای ئەو کوردە دیلانە دۆزییەوە که له لای ڕووسەکان بوون له شاری ڕۆستیلاف که شارێکە له ناوچەی سمۆلنسک، له کتێبە سێ بەرگییەکەیدا (توێژینەوە لەبارەی

کوردانی ئێران و کلدانییەکانی باکووری باوانیان) (٥) کە لە سان پێتەربۆرگ لە نێوان ساڵانی (١٨٥٦ -١٨٥٨) چاپ کرا، کتێبەکە بە زمانی ئەڵمانییە و تێکستی زازاکی و کورمانجی وەرگێڕابووە سەر زمانی ئەڵمانی، هەروەها فەرهەنگێکی کوردی- ڕووسی لەگەڵ بوو، لێرخ لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بە هەموو لێکۆڵینەوەکانی پێش خۆی داوە و باس لە پێگەی زمانی کوردی دەکات لە نێو گرووپی زمانە ئێرانییەکان وەک دیالێکتێکی سەربەخۆ.

ئەلێکساندەر ژاپا (١٨٠٣-١٨٩٤) کە زانایەکی بەڕەچەڵەک پۆلۆنی بوو و ڕۆژهەڵاتناسیی لە سان پێتەربۆرگ خوێندبوو، وەک کۆنسلی ڕووسی لە ئەرزەرووم دامەزرا، ساڵی ١٨٥٦ لەسەر داوای زانای ڕووسی بە ڕەچەڵەک ئەڵمان (بێرنهاردت - بۆریس- دۆرن، ١٨٠٥-١٨٨١) پێگەی وەزیفی خۆی بۆ کوردناسی بەکارهێنا و داوای یارمەتی لە خواجە مەلا مەحموودی بایەزیدی کرد و لەساڵی ١٨٦٠ دا کتێبی (کۆمەڵێک هەقایەتی کوردی لەگەڵ وەرگێڕانێکی فەڕەنسی) و پێشەکییەکەشی پیتەر لێرخ بۆی نووسیبوو.

هەر لە سان پێتەربۆرگ ئەلیکساندەر ژابا و فێردیناند یوستی (١٨٣٧-١٩٠٧) دوو کتێبیان بڵاو کردەوە، ژابا فەرهەنگی کوردی- فەڕەنسی بڵاو کردەوە، ئەمە کتێبێکی دەگمەن و پێشتر ئەم کارە نەکراوە، فەرهەنگی ژابا تا ئێستاش گرنگە بۆ توێژینەوە لەبارەی ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی، هەروەها فێردیناند یوستی کتێبی (ڕێزمانی کوردی) کە یەکەم کتێبی بەراوردکارییە لەبارەی زمانی کوردییەوە، بە باسێک لەبارەی بارودۆخی کوردناسی سەردەمی خۆی دەست پێ دەکات.

دوای ئەوەی ئەڵمانیای قەیسەری توانی دزە بکاتە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بۆ زانایانی کورد سەرنجڕاکێش بوو و ئەڵمان بایەخێکی زۆریان پێ دا، ئیمیل ڕۆدیگەر (١٨٠١-١٨٧٤) و ئۆگەست فریدریش پۆت (١٨٠٢ -١٨٨٧) ئەم دوو ڕۆژهەڵاتناسە ڕایان وابوو کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆی ناو گرووپی زمانە ئێرانییەکانە (ڕودێگەر و پۆت)، ئەوان ڕایان وابوو کە کوردی و فارسی یەک ئەسڵیان هەیە، بەڵام هەردووکیان گۆڕانی جیاواز لەیەکتریان بەسەردا هاتووە، بۆیە لە ئاکامدا بووگن بە دوو زمانی جیاواز و سەربەخۆ.

لە شاری لایپزیگ، ئالبێرت هوتوم شێندلەر وتاریکی بەناوونیشانی (وتارێک لەبارەی وشەنامەی کوردییەوە) لەنێوان ساڵانی ١٨٨٢ -١٨٨٨دا بڵاوکردەوە، لە سان پێتەربۆرگ لە نێوان ساڵانی ١٨٨٧ -١٨٩٠دا، ئۆیگن پریم (١٨٣٤ -١٩١٣) و ئالبێرت سۆسین (١٨٤٤ -١٨٧٩) کتێبێکیان بەناوونیشانی (کۆکراوەی تێکستی کوردی، چیرۆک و گۆرانی شێوەزاری تورعابدین و بۆتان. (پریم و سۆسین ١٨٨٧ -١٨٩٠)، هەروەها سۆسین شەرەفی ئەوەی پێ درابوو کە وتارێک لەسەر زمانی کوردی بنووسێت کە لە گۆڤاری (بنەماکانی فیلۆلۆگیای زمانی ئێرانی) لەنێوان ساڵانی (١٨٩٥-١٩٠٥) چاپ کرا. ئەم گۆڤارە بریتی بوو لە کۆکراوەی زانیاری گشتی لەبارەی پێشکەوتنی زمانەکانی ئێرانیدا.

هەر لە سان پێتەربۆرگ لە ساڵی ١٨٩٢ دا، هوگۆ مەکاس کە خەڵکی ڤییەننا بوو (١٨٥٧ -١٩٠١) چەند تێکستێکی فۆلکلۆری کوردی بڵاوکردەوە، پێشەکییەکی بۆ نووسیبوو لەگەڵ وەرگێڕانێکی بۆ سەر زمانی ئەڵمانی، هەروەها کۆمێنتاری ڕێزمانی و فەرهەنگۆکێکی بۆ کردبوو.

لە شاری بەرلین ئالبێرت فۆن لێکوک (١٨٦٠

-١٩٣٠) فاکسـمیلی کتێبێکـی بڵاوکـردەوە کـە لەئەسـڵدا دەستنووسـی (نووبوهـار) ی شـاعیری نـاودار ئەحمـەدی خانـی (١٦٥٠-١٧٠٦) بـوو، ئـەم کتێبـە فەرهەنگێکـی عەرەبیـ- کـوردی بـوو و لەلایـەن یووسـف زیـا پاشـای خالدییـەوە بـژار کرابـوو و لـە ئیسـتەنبوڵ لـە سـاڵی (١٣١٠/ ١٨٩٢) بڵاوکرابـووەوە.

ئۆسکار مـان (١٨٦٧-١٩١٧)، لـە سـاڵی ١٩٠١ -١٩٠٣ سـەردانی ئێرانـی کـرد، توێژینـەوەی لـە زمانـی ئێرانی کۆن و هاوچەرخدا کرد و کۆمەڵێک کەرسـتەی جیـاوازی لەسـەر تێکسـتی فۆلکلـۆری کـوردی ئێـران کۆکـردەوە، سـاڵی ١٩٠٦ یەکـەم بەشـی کتێبی خۆی کە بە ناوونیشـانی (شێوەزاری کـوردی موکـری) بڵاوکـردەوە و لەبەرلیـن لـە چاپ درا. مردنـی لـە نـاکاوی ئۆسـکارمان لـە سـاڵی ١٩١٧ دا، وای کـرد کـە بڵاوکردنـەوەی کەرسـتەی کۆکـراوەی چـاپ نەکرێـت و ڕووناکـی نەبینێـت، بەتایبەتـی ئـەو کەرسـتانەی کـە لـە دوا سـەفەری زانسـتیدا کـۆی کردبوونـەوە (١٩٠٦-١٩٠٧) کـە لـە حەلەبـەوە تـا ئورفـە و سـیڤەرک- دیاربەکـر- بەتلیس- جەزیـرە و دهـۆک تێپەڕیبـوو، دوای ئـەو کارل هەدانک کەرسـتەی کۆکـراوەی ئۆسـکار مانـی بـڵاو کـردەوە و درێـژەی بەزنجیـرەی کتێبەکانـی ئۆسـکار مـان دا.

قوتابخانـەی ئینگلیـزی لـە کوردناسـیدا لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا دەسـتی پێ کـردووە. مێجـەر ئێلـی بانیسـتـەر سـۆن (١٨٨١-١٩٢٣) سـاڵی ١٩٠٢ گەیشـتە ئێـران، چەنـد سـاڵێک وەک خەڵکی ناوچەکـە لـە کوردسـتان و میسـۆپۆتامیادا ژیـا، بـە هـۆی ئـەوەی کـە زمانـی فارسـی و کوردی زۆر بەباشـی دەزانی، سـۆن یەکـەم کەسـی ئینگلیـزە کتێبێکـی لـە سـەر ڕێزمانـی زمانـی کـوردی بڵاوکردبێتـەوە (ڕێزمانـی کورمانجـی یـا زمانـی کـوردی) لـە لەنـدەن لەسـاڵی ١٩١٣ چـاپ کرا، هەروەهـا کتێبـی (ڕێزمانی سـەرەتایی زمانی کـوردی) (بەغـداد ١٩١٩)، ئەمەیـان فەرهەنگێکـی ئینگلیـزی- کـوردی لـە پاشـکۆکەیدا هەبـوو، دوای چەنـد سـاڵێکی تـر ڕۆبـەرت فرایەر جاردیـن (١٨٩٤ -؟) وەک ڕاوێـژکاری سیاسـی لـە کوردسـتان کاری کـردووە، کتێبـی (کورمانجـی بادینـی، ڕێزمانـی کورمانجـی کوردانـی ناوچـەی مووسـڵ و دەوروبـەری لـە کوردسـتان) بڵاوکـردەوە (بەغـدا ١٩٢٢).

دوای یەکـەم جەنگـی جیهانـی، بارودۆخـی کوردسـتان بـە شـێوەیەکی ڕادیـکاڵ گـۆڕا، بەبـێ ویسـتی کـورد هێـزی هاوپەیمانـان خاکـی کوردسـتانیان لەنێـوان چـوار وڵاتـدا دابـەش کـرد، کـە ئەمانـە بـوون تورکیـا- ئێـران- سـووریا - عێـراق، لـەم کاتـەوە ئیتـر بارودۆخـی پێشـکەوتنی ئابـووری و زمانـی و کولتـووری کـوردان پەیوەسـت بوو بـە ئاسـتی ئازادی سیاسـی ئـەو وڵاتـەی تێیدا بوون، کۆمەڵـەی گـەلان سـاڵی ١٩٢٥ بڕیـاری دا کـە ئینگلیـز لـە عێـراق سەرپەشـتی ویلایەتـی مووسـڵ بـکات و فەڕەنسـا سەرپەرشـتیی سـووریا بـکات، دوایی ویلایەتـی مووسـل بـە دەوڵەتی عێراقـی نوێوە لکێنـرا، لەوکاتـە بەدواوە زمانـی کوردی لـە جێگـەی زمانـی تورکـی لـە مامەڵـەی ڕەسـمی بەکاردەهـات و فارسـیش وەک زمانـی نامـەی تایبەتـی خەڵـک بـەکار دەهـات.

کتێبـی (ئەوەڵەمیـن قیرائەتـی کـوردی) بـۆ قوتابیـان لـە سـلێمانی نووسـرا کـە لەسـاڵی ١٩٢٠ لـە بەغـدا چـاپ کـرا، دوای پێشـکەوتنی ڕۆژنامەگـەری کوردی، لـەو کاتـەدا خوێندنـی زمـان و ئەدەبـی کـوردی بەشـێوەیەکی بەرچـاو و خێـرا بڵاوبـووەوە.

لـە دیمەشـق گرووپێکـی ڕۆشـنبیری کـورد لـە دەوری میـر جـەلادەت بەدرخـان(٦) (١٨٩٣

-١٩٥١) کۆبووبوونەوە، ئەو توانی لەساڵانی ١٩٣٠ دا لاتینی ڕێک بخات و هەڵبژێرێت بۆ ئیملای کوردی کە زۆر لە لاتینییەکەی جمهوریەتی تورکی نزیک بوو، لەهەمان کاتدا ڕێزمانی کورمانجی کوردی لە گۆڤاری هاواردا ڕێک خست (لە ١٩٣٢ تا ١٩٤٣ دەردەچوو)، هەروەها لە گۆڤاری ڕۆناهی (لە ١٩٤٢-١٩٤٤ دەردەچوو)، بە پاڵپشتی زۆر لە شاعیران و چیرۆکنووسان، «قوتابخانەی دیمەشق» بوو بە قوتابخانەیەک بۆ مەشق کردنی کوردناسە فەڕەنسییەکان کە بایەخیان بە کولتووری هاوچەرخی کورد دەدا، هی وەک ڕۆجەر لیسکۆ (١٩١٤-١٩٧٥) کە دوایی بوو بە باڵیۆزی فەڕەنسا و پییێر ڕۆندۆ (١٩٠٤-٢٠٠٠) کە دوایی بوو بە گێنێڕاڵ و تۆما بوا (١٩٠٠-١٩٧٥) کە ئەندامی گرووپی کەنیسەی فرانسیسکان بوو.

لە ساڵانی ١٩٢٠ هەرچەندە ژمارەی کورد لە یەکێتی سۆڤیەت کەم بوو، بەڵام دانیان پێدانرابوو وەک میللەتێکی سەربەخۆ، ئەمە مانای ئەوە نەبوو کە ئیدارەیەکی سەربەخۆی ئۆتۆنۆمیان بۆ دروست بکرێت، بەڵام مانای دان پێدانان بوو بە زمانەکەیان، هەر لەبەر ئەوە کۆمەڵگەی کوردی پاڵپشتی دەکران لە ئەرمێنیای یەکێتی سۆڤیەتی دا، کورد لەوێ قوتابخانەی تایبەتی خۆیان هەبوو، ڕۆژنامە و چاپخانەشیان هەبوو، ئەمە وای کرد لەئاکامدا ئینتیلجینسیای کوردی دروست ببێت کە لەنێوانیاندا هی وەک ئالێکساندەر فێرمان (١٨٧٩-١٩٦٨) و لەسەرووی هەموویانەوە یووسف ئۆربیللی (١٨٨٧-١٩٦١)، ئەمەیان پرۆفیسۆری کورسی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو لە زانکۆی پێترۆگراد (لێنینگراد)، دوای بوو بە ڕاگری کۆلێجی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی لەهەمان زانکۆدا، هەروەها سەرۆکی بەشی کۆمەڵگەی ئاسیا و دوایش بوو بە بەڕێوەبەری مۆزەی هێرمیتاج.

ڤلادیمیر مینۆرسکی (١٨٧٧-١٩٦٦) یەکەم بەرهەمی خۆی بڵاوکردەوە لەساڵی ١٩١١ کاتێ کە لە سان پێتەربۆرگ بوو، بەرلەوەی لە ساڵی ١٩١٩ بۆ پاریس، دواییش بۆ لەندەن باربکات کە لەوێ لە کامبریدج لەسەر کورد بەردەوامی بە لێکۆڵینەوەکانی دا، ساڵی ١٩٢١ مینۆرسکی کتێبی (ئەهلی هەق لە کوردستان) ی بڵاوکردەوە، لەبەر ئەوەی خەڵاتی کۆمەڵگەی ئیمپریالی بۆ زانستی سروشتی لە مۆسکۆ پێ بەخشرا، (س . ئی، بۆزوۆرت، ٢٠٠٤) کوردناسی بوو بە بەشێکی خوێندنی سەربەخۆی ناو لێکۆڵینەوەی ئێرانی لە یەکێتیی سۆڤیەتدا و لە لینینگراد بەرەو پێش چوو و گەشەی کرد، هەروەها لە مۆسکۆ و یەریڤانیش هەروا بوو.

یەکێتیی سۆڤیەت ڕانکی یەکەمی لە جیهاندا بۆ لێکۆڵینەوەی کوردناسی هەبوو، هیچ وڵاتێکی تری دنیا ئەوەندە پسپۆڕ و تیمی تایبەتی نەبوو، سەرەتا کەسانی شارەزا لە زمان، مێژوو و ئەدەبی کوردی لە کوردستانی عێراق و لە یەکێتیی سۆڤیەت مەشق و فێربوونیان کرد، لای کەسانی وەک یولیا یولیڤنا ئەڤالیانی (١٩٠٧-١٩٧٤) و چەرکەس خدۆییێڤیچ باکاییێڤ (١٩١٢-؟) ئیزاک ئیسۆڤیچ تسوکەرمان (١٩٠٩-١٩٩٨) کەنات کەلاشێڤیچ کوردۆییێڤ (١٠٩٠-١٩٨٥) و ئەوانی تر، کوردناسی لە یەکێتیی سۆڤیەت دوایی لە ڕووسیادا زۆر پێش کەوت، بەتایبەتی لە پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی لە سان پێتەربۆرگ (لینینگراد)، لەوێ گرووپێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی کوردناسی پێکهاتبوو. (بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەم گرووپە بڕوانە

ئینسیکلۆپیدیای ئێرانیکا لە وتاری داهاتوومانداا لەبارەی ئەم پەیمانگەیە دەنووسین).
لە ئینگلتەرا و ئەمریکادا کوردناسی بەشێوەی جیاواز دروست بوون. لە پاریس لە ساڵی ١٩٢٦ کتێبێکی بچووک چاپ کرا کە ڕێزمانی کوردی تێدا بوو، ئەمە لەلایەن قەشە پاول بایەر (١٨٨٧-١٩٧٤) بڵاوکرایەوە، ئەم کەسە قەشەیەکی کلدانی بوو لەناوچەی مووسڵ یەکەم کەسیشە کە لە ڕێزمانی کورمانجیدا باسی لە (نێر و مێ) کردووە.
لە بەرلین، لە ساڵی ١٩٣٩ ئێرانناسی دانیمارکی ئارتور کریستیانسن (١٨٧٥-١٩٤٥) لەگەڵ کاج بار(١٨٩٦-١٩٧٠) کتێبی فریدریش کارل ئەندرسن (١٨٧٥-١٩٣٠)یان لەبارەی دیالێکتەکانی کوردستانی باشوور بڵاوکردەوە (کریستیانسن).
سیسیل یۆهان ئێدمۆندس (١٨٨٩-١٩٧٩)، کە وەک ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق کاری کردووە (١٩٣٥-١٩٤٥)، بوو بە خاوەنی کورسی کوردناسی لە سکوڵی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی و ئەفریکا و لە لەندەن لەنێوان ساڵانی (١٩٥١-١٩٥٧)، ئێدمۆندس کتێبی (کورد، تورک و عەرەب)ی بڵاوکردەوە لەساڵی ١٩٥٧، بەیارمەتی تۆفیق وەهبی کە وەزیرێکی پێشووی عێراق بووە، فەرهەنگێکی کوردی- ئینگلیزی (ئۆکسفۆرد، ١٩٦٦) بڵاوکردەوە، ئەم فەرهەنگە و هەموو لێکۆڵینەوەکانی تری ئێدمۆندس لەسەر کۆمەڵگەی کوردی باوەڕپێکراوترین سەرچاوەن.
دوای ئەوەی سەرۆکایەتی کورسیی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی لە (SOAS) بەسەرکەوتوویی لە (ئێدمۆندس)ەوە بۆ داڤید نیل مەکەنزی (١٩٢٦-٢٠٠١)گوازرایەوە، ئەمیان نووسەری یەکەم کتێبی دووبەرگی بوو بەناوونیشانی (لێکۆڵینەوەکانی دیالێکتی کوردی) کە ئەم کتێبە پێشەنگە لەم بوارەدا، بواری لێکۆڵینەوەی دیالێکتی کوردیدا لە عێراق. ئەم زانایانە قوتابخانەیەکی کوردناسی وایان دامەزراند کە ئەوروپی و ئەمریکییەکانی دوای خۆیان لێیانەوە فێربوون.
ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ فەڕەنسا لە ساڵی (١٩٤٥)، ڕۆجەر لیسکۆ (١٩١٤-١٩٧٥) کە پێشتر لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ئێزدییەکانی سووریا و چیای شەنگال لە بەیرووت لەساڵی ١٩٣٨ بڵاوکردەوە، هەروەها داستانی شیعری نیشتیمانی (مەمێ ئالان)ی لە (بەیرووت ١٩٤٢) بڵاوکردەوە، لیسکۆ داوای لێ کرا کە ببێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی نیشتیمانی زمانە زیندووەکانی ڕۆژهەڵات کە ئەمڕۆ ناوی بووە بە ئینستیتیوتی ناسیونال بۆ زمان و ژیاری ڕۆژهەڵات (I.Na.L.C.O) لەپاریس. ئەم ئینستیتیوتە کورسی کوردناسی تێدا دامەزرا، بۆ وتنەوەی زمانی کوردی بە هەردوو دیالێکتی کورمانجی و سۆرانی و کولتووری و بڵاوبوونەوەی ژیاری کورد، هەروەها پاریس بوو بە ناوەندێکی مەزنی (کوردناسی)، بەتایبەتی بۆ ئەو قوتابیانەی کە کاریان لەسەر بروانامەی خۆیان دەکرد و تێکست و دوکتۆراکانیان لەوێدا بۆ بڵاودەکرایەوە، هاوشانی ئەو پێشکەوتنە هەر لە پاریس (ئینستیتیوتی کوردی لە پاریس) لە ١٩٨٣ دامەزرا (Institut kurde de Paris)، دامەزرێنەرانی گەنجی کوردی ڕۆشنبیر بوون کە ئەرکی کۆکردنەوەی دەستنووس، مۆنۆگرافی، ڕیڤیوی کتێب، ڕۆژنامە و گۆڤارەکوردییەکانیان لە ئەستۆی خۆیان گرتبوو، هەروەها تێزی توێژەرە گەنجەکانیان بڵاودەکردەوە، ئینستیتیوتی کوردی گۆڤاری (Études kurdes)یان بڵاوکردەوە، کە ساڵێ دووجار دەردەچوو، دوای ماوەیەک وای لێ

هات کوردناسەکان دەبوایە وەک فەرز کاتێک لە ئینستیتیوتی کوردی لە پاریس بەسەر بەرن، حاڵی حازریش لە زۆربەی زانکۆکانی ئەوروپا زمان و ئەدەبی کوردی دەخوێنرێت.

لە هۆڵەندا مارتین فان بروونیسن خاوەنی کورسی لێکۆڵینەوەی مێژوو و کۆمەڵگەی موسڵمانە لە زانکۆی ئوترێخت، لە ئەڵمانیا، فیلیپ کراینبرۆک بوو بە جێگرەوەی دی، ئێن. مەکەنزی کە خاوەنی کورسی لێکۆڵینەوەی ئێرانی بوو لە زانکۆی گۆتینگن.

هەروەها لە بەشی لێکۆڵینەوەی ئێرانی (Iranistik) بایەخ بە کوردناسی دەدرێت لە زانکۆی ئازاد لە بەرلین (Freie Universität Berlin). هەر لەوێ تیمێک لە توێژەران بڵاوکراوەی (لێکۆڵینەوەی کوردی، kurdische Studien) لە (کۆمەڵەی بەرلین بۆ پەرەپێدانی کوردۆلۆگی) بڵاودەکەنەوە، لە زانکۆی ئۆپسالەی سویدیش کوردناسی لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئێرانی دەخوێنرێت، لەسەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ دا وتنەوەی زمان و مێژوو و ئەدەبی کوردی نوێ کرایەوە لە فاکولتی ڕۆژهەڵاتناسی لە زانکۆی دەوڵەتی لە سان پێتەربۆرگ لە ڕووسیا.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، مەبەستی سەرەکی شاندی ئەنترۆپۆلۆگی مۆزەی فیلد بەسەرۆکایەتی هێنری فیلد (١٩٠٢-١٩٨٦) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە کاریان لەعێراقدا بریتی بوو لە کارەکتەری فیزیکی کورد و جوو و سریانی و ئێزدی لە باکووری عێراق (باکووری جەزیرە، زاخۆ، ڕەواندز، کەرکووک و ناوچەی سلێمانی).

بۆ یەکەم جارە زانیاری ئەنترۆپۆمێتریک لەبارەی کوردەوە لە کتێبی ئەنترۆپۆلۆجیای عێراق بەدەست خرا کە چاپکراوێکی (مۆزەی پیبۆدی ئەمریکی بۆ ئارشیۆلۆگی و ئێتنۆگرافی) بڵاوکرایەوە.

ئێرنست. ئێن. مەکارۆس لە زانکۆی میشیگان لە شاری ئان ئاربۆر، کتێبیکی لەبارەی ڕێزمانی کوردیدا بڵاوکردەوە (نیویۆرک، ١٩٥٨)، دوایی لەگەڵ جەمال جەلال عەبدوڵڵا، کتێبی (کۆرسی بنەڕەتی فێربوونی زمانی کوردی، دیالێکتی سلێمانی، عێراق) چاپ کرد، (ئان ئاربۆر، ١٩٦٧، بروانە عبداللە و مەکارۆس).

لە زانکۆی کنتاکی، ڕۆبەرت ئۆلسن، پرۆفیسۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مێژووی ئیسلامی، نووسەری زۆر کتێبی گرنگە لەسەر کورد، کتێبەکانی (گەمارۆدانی مووسڵ و پێوەندی عوسمانی - فارسی ١٧١٨-١٩٤٣) لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی ڕاپەڕین لە پایتەخت و جەنگ لە ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی (بلومنگتۆن، ١٩٧٥)، هەروەها (سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی کوردی و ڕاپەڕینی شێخ سەعید، ١٨٨٠-١٩٢٥) (پێشەکی ئەم کتێبە ولیەم. ئێف. توکەر بۆی نووسیوە و لە ئاوستین ١٩٨٩ چاپ کراوە).

لە زانکۆی ئیللینۆی، لە کامپینی ئوربانا، کەیت هیتچێنز گۆڤاری جورنالی کوردناسی لە ساڵی ١٩٩٥ ەوە بڵاودەکردەوە. لەنیویۆرک ڤێرا سەیدپوور گۆڤاری ئینتەرناسیونالی تایبەت بە کوردناسی بڵاودەکردەوە.

دیاردەیەکی کە زۆر جێگەی بایەخدانە ئەوەیە کۆمەڵێک لە زانا و ڕۆشنبیری کورد کە بە زمانی کوردی بڵاودەکەنەوە، توێژەران لە کوردستانی عێراق لە زانکۆکانی سلێمانی و زانکۆی سەلاحەددین و دهۆک لێکۆڵینەوەکانیان لە دەیان گۆڤاری ئەوێدا بڵاو دەکەنەوە.

لە ئێران ئێستا ژمارەی ئەو کەسانەی کە بابەت لەسەر کوردناسی دەنووسن لەزیادبووندایە و لە گۆڤارە کوردییەکانی ئەوێدا بڵاوی دەکەنەوە، گۆڤاری سروە کە لە ئورومیە دەردەچوو لە کۆتایی هەشتاکاندا، ئەمە جگە لە بڵاوکراوەکانی تر لە تاران و کرمانشا.

**پەراوێزەکانی وەرگێڕی کوردی:**

(١) بۆ زانینی ناوونیشانی ڕاستەقینەی کتێبەکانی ئەم وتارە، بڕوانە سەرچاوەی وتارەکە بە زمانی ئینگلیزی، ئەم کتێبەی گارزۆنی م. شێرکۆ هەژار کردوویە بە کوردی.

(٢) ڕاستییەکەی هۆرنلە خەڵکی لودڤیکس بۆرگ بوو کە شارێکە لە مەملەکەتی ڤوتنبرگ.

(٣) ئەم زانیارییە هەڵەیە، هیچ کتێبیان بڵاو نەکردەوە، بەڵکوو کۆمەڵەک نامە و بیرەوەری ڕۆژانەیان لە گۆڤاری میسیۆنێری بازل بڵاو کردەوە.

(٤) هۆرنلە و شنایدەر پرۆژەیان هەبوو کە ئینجیل بۆ زمانی کوردی وەرگێڕن، بەڵام هەوڵێک بوو هیچی لێ شین نەبوو.

(٥) ناوونیشانی ئەم کتێبە زۆر کێشەی دروست کردووە، لێرخ کلدانییەکانی بە باوانی کورد زانیوە، کە ئەمە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، وەرگێڕی عەرەبی ئەم کتێبە هاتووە کلدانی کردووە بە خالدی (عبدي حاجي: دراسات حول الاكراد واسلافهم الخالديين الشماليين).

(٦) زۆر سەیرە لەم وتارەدا خاتوو جۆیس بڵاو کار و بەرهەمەکانی میر کامیران بەدرخانی بە یەک وشەش باس نەکردووە! ئەم وتارەی خاتوو بلۆ کامڵ نییە، زۆر بابەت و کەسایەتی تریشی باس نەکردووە.

**سەرچاوە:**

http://www.iranicaonline.org/articles/kurdish-language-ii-history-of-kurdish-studies